سیروان ئەمین 2005/10/02

# قسەکانی جەلال تاڵەبانی و ڕابرسی لە سەر دەستور!

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی دا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن جەلال تاڵەبانی پەردەی لە سەر ناکۆیەکانی خۆی و جەعفەری ئاشکرا کرد و بە شتێکی نە شیاوی لە قەڵەم دا، ئەو وتی کە زۆر کار دەکرێ بە بێ ئاگاداری ئێمە وەک دامەزراند ی خەڵک لە دائیرەکاندا، هەرەها وتی خەریکە دەزگای ڕاگەیاندنی حکومەت دەبیتە دەزگایەکی حیزبی.

ئەگەر جەلال تاڵەبانی خۆی و یەکیتی نیشتمانی کوردستان دەیانزانی کە سەرەنجام ئەوەی دەیکەن دورە لە ویست و ئارەزوەکانی خەڵک و تەنها گەیشتنە بە دەسەڵات وە مەرامی شەخسی ی حیزبی لە پشتەوە بوو بەڵام توانیان بەشێکی خەڵک بەرنە پشت سنوقەکانی دەنگدان بۆ ماوەیەکی تر لە بەر سەرابی وەعدەکانیان ڕایان بگرن.

دیارەگەیشتنی ئەون بەدەسەڵات زەوتکردنی خەبات و ڕەنجی ئەو خەڵکەیە کە دەیان ساڵە لە پێناو مافەکانی خۆیاندا قوربانی بۆ دەدەن، هەڵبەتە بە هۆی بەهرەمەند بوون لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ورژاندنی ئیحساساتی خەڵکی لە لایەک و هەڕشەکردن لەوەی کە هەرکەسێ دەنگ نەدا نانبڕاوی دەکەن و لە سە کارەکانیان دەریان دەکەن لە لەلایەکی ترەوە تا توانیان بگەنە مەرامەکانی خۆیان ببن بە سەرەک کۆمار.

ئاخر دامەزراندی حکومەتێکی لەو چەشنە کە لە سەر بنەمای تایفەو مەزهەب نەتەوە و تەنانەت عەشیرەتیش دامەزرابێ و ئەمریکا و سی ئای ئەی نەخشەی بۆ بکێشن و ئایەتوڵاکانی ئێران موبارەکەی بکەن هەرگیز لەوە باشتر نابێت جەلال تاڵەبانیش ئەمەی لە سەرەتاوە دەزانی بەلام باسکردنی ئێستا ئەوە مەبەستی تری لە پشتەوەیە لەوە دەترسێ هەر بە سەرەک کۆماری پشت گوێی بخەن کەمتریش خەمی گەندەڵی و گیروگرفتەکانی خەڵکە.

ئەگەر کەمێک ئاوڕ بدینەوە تەنها لە سەرەتای هەڵبژاردن و شەرعیەت دان بەم گاڵتەجاڕیە کە ناویان ناوە حکومەت باش بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن زۆریک لە نوسەر و ڕۆشنبیرو حیزب و ڕێکخراوی چەپ و ئازادی خواز پرۆتستۆی ئەم هەڵبژاردنەیان کرد و پێشبینی ئەوەیان کرد کە داهاتوی ئەم هەڵبژاردنە عیراق دەخاتە نێو شەڕیکی خوێناویەوەهەزاران کەس دەبنە قوربانی.

**سیروان ئەمین** **2005/10/02**

کەس هەیە دەیان جار گوێبیستی ئەو سیناریۆ ڕەشە نەبیت کە لە نوسراوەو ئەدەبیاتی کۆمۆنیستەکان و قسەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقدا دەهات وە بەشێوەیەکی زانستی و سیاسی شیدەکرانەوە کە زۆرێک پێیان وابوو هەڵەیەو دەبێ بەشداری هەڵبژاردن بکرێت چونکە داهاتوی خەڵکی عێراق و کوردستانە.
ئیستاش پاش ئەوی کە عیراق بووەتە قەسابخانە و رۆژ نیە مەیدانی شارەکان نەبنە شوێنی تەقینەوە و پارچەپارچە بوونی خەڵک و ڕودانی دەیان تراجیدیای ئینسانی خەفەتبار کە وێنەی نەبووە لە جیهاندا

سەرەڕای هەموو ئەو وەزعە مەرگەسات بارە وکوژرانی زیاتر لە زیاتر لە سەد هەزار ئینسانی عیراقی لە کاتی داگیرکاری ئەمریکاوە. سەرەڕای بی کارەبای و بێ ئاوی بێ ئەمنی و تەقینەوە کە نەک هەر خەلک بگرە ژیانی ئەندامانی ئەو حکومەتەکارتۆنیەش کە ئەمریکا بە هەموو توانای خۆی پاریزگاری لێ دەکات لە مەترسیدایە ، سەرەڕایی هەموو ئەمانە دەیانەوێ ئێستا جاریکی تر خەڵک بەرنەوە بۆ بەردەم سنوقەکانی دەنگدان و ئەو دەستورە کە لەئیسلامی سیاسی زیاتر بۆ هیچ تویژیکی تری کۆمەڵگا ناگونجێ وکۆتێکە بۆ ملی ژنان و لاوان و خەڵکی پێشکەوتیخواز.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا خەڵکی کوردستان وعێراق جارێکی تر بە قسەکانی ئەمریکاو سەرانی حکومەت دکەن و دەنگ دەدەن بە دەستور ؟

ئایا خەڵک جاریکی تر بڕوا بە ئەو وەعدەو بەڵێنانە داکات کە پەرپرسانی ئەو حکومەتە عەجیب و غەریبە بەهەرزان بڵاوی دەکەنەوە؟
هەرچەندە ئەورۆ عیراق لە بارودۆخێکدایە کە نەک دەستور بگرە هیچ بڕیارێک ناکرێ شەرعی بێت ، دەستوریش ڕاستیەکەی پێویستی بە کە شێکی ئاوەڵا و ئازاد و ئارام هەیە بۆ دانانی چونکە بەڵگەنامەیەکی وەک دەستور کە بۆ دەیان ساڵ چارەنوسی خەڵکی وڵاتێک دیاری دەکات، هەر ئەو باردۆخەش وایکردوە کە ئەو هێزەکۆنەپەرست و ئیسلامیانە ئەم هەلە بقۆزنەوە لەم تەپ و تۆزەدا بۆچونەکانی خۆیان بسەپێنن، ئەوان دەزانن کە مێشولە لە زەنگاودا دەژێت ، پێچەوانەی ئەمەش ئەگەر کە شەێکی ئارام و ئازاد هەبێت ئەوان نەک دەبێ دەستور دابنین بەڵکو دەبێ وەک تاوانبار هەڵس و کەوتیان لە گەڵ بکرێ و باجی تاوانەکانیان بدەنەوە کە دەرحەق بەو خەڵکی عێراقی دەیکەن.